**شافی ئەستێرەی بەرشلۆنە:**

# دڵنیابووم کە لە ریال مەدرید دەبەینەوە




بە دڵێکی نەرم و نیان و ئەستێرەیەکی نەناسراو لە نێو یاریگا کە رۆڵێکی شاراوە دەبینێ بۆیە خەڵکانێك دەڵێن ئەم جۆرە یاریزانانە زوڵم لێکراوی جەماوەر و دەزگاکانی راگەیاندن، شافی یاریزانێکی لەسەرخۆو هێمنە کە خۆی بە کوڕی یانەی بەرشلۆنە دادەنێ و تا ئەمڕۆش پارێزگاری لێ دەکات و هیچ کاتێکیش درێغی ناکات بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی باش، شافی کە دەچێتە یاریگا بە تۆنێڵەکان دا دەڕوات حەز لە لێخورڕینی ئۆتۆمبێل ناکات بەڵکو بە بەردەوامی بە پاس هاتووچۆ دەکات و ئەم یاریزانە ناوبانگی بە هەناردنی تۆپی کوشندە دەکات بۆ گۆڵی رکابەرەکەی و خاوەنی چوار چاوی گەشاوەیە لە یاریگا و دەڵێن چاوێکی هەستیاری لە دوای سەری هەیە کە چاودێری برادەرەکانی پێی دەکات و لە کاتی قسەکردنیشدا زۆر شەرمن ئێمە لە بەرگرنگی ئەم دیمانەیە کە لە گۆڤاری سوپەربڵاو بوویتەوە لای خۆمان بڵاوی دەکەینەوە.

*** چۆن ئاستی بەرشلۆنە لەم وەرزە هەڵدەسەنگێنیت؟**

- بەشێوازێکی یەکجار جوان یارییمان کرد و بووە هۆی ئاست بەرز و سەرکەوتنمان، باشترین شت ئەو کەش و هەوایە رێك وپێکەیەکە لە ژووری خۆ گۆڕین بوو و بەوەفایی نێوان یاریزانان هۆکارێکی دیکەش بوو، گەرهات و یاریزانێك لەخۆ بایی بوو وەیان ئاستی نزم بوو ئەوا خۆی لە شوێنی یەدەگ دەدۆزییەوە.

*** دەکرێ بزانین ئەمانە هۆکارێك بوون لەسەرکەوتنتان؟**

- ئێمەش باش دەزانین کە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا زۆر بەهێز و دڕاندنەیە و باشترین و بەهێزترین یانەکانی ئەوروپا بەشداری لێ دەکەن، ئێمە توانیمان رووبەرووی باشترین یانەکانی ئەوروپا مانچستەر یونایتد و بایەرن میونخ و چێلسی ببینەوە و، بردنەوەمان لە چێلسی تاکە رێگابوو بۆ رۆما و بەهیمەتی هەموو لایەك توانیمان بگەینە ئەو ئاواتە.

*** کامیان گرانترە بەدەستهێنانی خولی لالیگا و وەیان خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا؟**

- بەرای من هەردووکیان قورس و ناخۆشن، ئەگەر هاتوو لە خولی ناوخۆ لە سەرەتاوە ئاستت باش نەبوو ئەوە رکابەرەك سوودمەند دەبێ، ئەوەبوو پارساڵ یانەی ریال مەدرید لەسەرەتاوە هەڵەکانی ئێمەی هەڵقوزتەوە بە پێشمان کەوت سەبارەت بە خولی یانەکانی ئەوروپییش دەبێ لەسەرەتاوە هەشیاری خۆت بیت و گەیشتیە قۆناخی (١٦) دەبێ ١٠٠٪ بیر لە یارییەکان بکەیتەوە چونکە هەر شکستێك دەبێتە هۆی ماڵئاوایی و ئەنجامی هەردوو یاری کۆدەکرێتەوە .

*** کەچی ئێوە خولی لالیگاتان پێش کۆتایی مسۆگەرکرد؟**

- بەڵێ ئەمەش وەکو پاداشتێك بوو بۆ ئەو ئاستە بەرزەی کە لەسەرەتاوە پێشکەشمان کردبوو بەشێوەیەکی رێك و پێك یارییمان کرد و پارێزگاریمان لەسەرکەوتنەکان کرد.

*** بەدەستهێنانی خولی یانەکانی ئەوروپا بۆ تۆچی دەگەیەنێ؟**

- خەونێکی گەورە بوو، تەنیا بۆمن نەبوو بەڵکو بۆ گشت یاریزانەکانی یانەی بەرشلۆنەبوو، ئێمە توانیمان دوو نازناو لە خولی ناوە خۆ ببەینەوە لە جامی ئیسپانیا لە ئەتڵەتیکۆ بلباومان بردەوە ئەم دەستکەوتەش تەنیا چوار یانە بەدەستیان هێناوە لەوانە هەردوو یانەی ئەجاکس و ئایندهۆڤنی هۆڵەندی سلتیکی ئۆسکۆلەندی و مانچستەر یونایتیدی ئینلگیزی.

*** باوەڕت وابوو کە لە یاریگای بیرنابیو لە ریال مەدرید دەبنەوە، ئەو متمانەیە چۆن بوو؟**

- ئەمەش لە ئاست بەرزیمان لە وەرزی ئەمساڵ ئەم متمانەیەم بەخۆوە هەبوو، پێشتر گوتم ئەم یارییە لە بەرژەوەندی ئێمە تەواو دەبێ بەڵام من بردنەوەکەم بەو ئەنجامە گەورەیە نەبوو بۆیە ئێمە سەلماندمان کە تیپێکی بەهێز و ئاست بەرزین، ئێمە بیر لە جیاوازی خاڵ ناکەینەوە بەڵکو تەنیا بیرمان لە بردنەوەی ئەو یارییە و سێ خاڵەکەیە.


*** ئایا تاقیکردنەوەی پارساڵ لە گوێچکەتان دەزرینگێتەوە؟**

- لەوانە جۆرە پاڵپشتییەك بێت بۆ ئێمە کە پارساڵ نازناوەکە لە دەستمان چوو بەڵام دووبارە نایێتەوە ئەویش بەبوونی،راهێنەر گواردیۆلا.

*** هەندێك کەس دەڵێن ناوبژیوانان رۆڵێکی سەرەکیان لەسەرکەوتنەکانی ئێوە دەبینن؟**

- دەتوانم بڵێم ناوبژیوان مرۆڤە وەکو ئێمە تووشی هەڵە دەبێ بەڵام هەڵەکانیان بە ئەنقەست نییە و بیریش لە هیچ کارێکی نابەجێ ناکەنەوە، نابێ ئەوەش لە بیر بکەین ئێمە لە یاریمان دژی خیتافی زۆر زەرەرمەندبووین و لە هەندێ یاریش سوودمەندبووین، بۆیە ئێمە سەلماندمان کە دەتوانین سەرکەوتن بەدەست بهێنین، سەرەڕای ئەوەی کە





ناوبژیوانیش دژمان

*** چ یادەوەرییەك لەســەر یاری كۆتایی یۆرۆ هەیە چاودێران بە گشتی ئیسپانیان دانابــوو بۆ یاری كۆتایــی بەڵام لەگەڵ ئەڵمانییەكان شتی مسۆگەر نییە؟**

- هیچ ترســمان نەبوو و بــەڵام بەرامبەر ئەمەش ئەڵمانیــا رێزێكی تایبەتی هەبوو لای ئێمــە و ئەڵمانیا لەوكاتەدا ئاســتی لە لوتكە بوو و وەكو كاری هەمیشــەییان ســەرەتا كۆنترۆڵی یاری دەكەن بۆ ئەوەی بەرامبەرەكەی بزانێ كە بۆ بردنەوە هاتوون، ئێمە بە هێمنی نهێنییەكانی بەهێزی تیپی ئەڵمانیامان شیكردەوە.

*** هەستت بە نیگەرانی نەكرد كە نازناوی تۆپی زێڕ و باشــترین یاریزانت لە جیهان وەرنەگرت؟**

- بەڕاســتی هیچ نیگەران نەبووم چونكە من لە وەرزی ٢٠٠٨ شایستەی ئەم نازناوە نەبووم بەڵام لە هەمان كاتدا خۆشحاڵ بووە كە یەكێك بووم لــەو پێنج یاریزانەی كە پاڵێوراو بووم بۆ ئەم نازناوە .

*** ئایا لە تیپەكەتان یاریزانێك هەبوو وەكو تۆ ئاست بەرزبێت؟**

- نەخێــر من لەگەڵ تــۆ نیم و من بەبێ برادەرەكانم هیچ كێشەم نییە و من پشتیان پێ دەبەســتم تا واز لــە یاریكردن دەهێنم، ئەمە رێگای من، لە یاریكردن گەر هاتوو هەر دەستكەوتێكم وەرگرت ئەمەش بە پلە یەك بۆ برادەرەكانم دەگەڕێتەوە.

*** ئایا كریســتیانۆ رۆناڵدۆ شایســتەی خەڵاتی تۆپی زێڕ بوو؟**

- بە تەئكیــد، زۆر یاریــزان هەبوو وەكو رۆناڵدۆ و میســی كە لــە یارییەكانیان خۆشــیان بە جەماوەر دەبەخشی، من حەزم دەكرد ئەو خەڵاتە بۆ یاریزانێكی ئیسپانی وەكو تۆریس وەیان كاسیاس بووایە چونكە ئەم دوو مرۆڤە شایســتەی ئەوەبوون گەر سەیری دەستكەوتەكانیان بكەین، گرنگ لای مــن ئەوەیە بتوانم شــوێنی خۆم لە یانەی بەرشــلۆنە بپارێــزم و هەڵبژاردەی ئیســپانیاش بگاتە مۆندیالی (٢٠١٠) و نازناوەكەشی بباتەوە و ئەو كاتیش خەڵاتی بە نرخ دێت.

*** لویس ئەراگۆنیــس چ كاریگەرییەكی لەسەر تیپەكەتان هەبوو؟**

- كاریگەرییەكــی گــەورەی هەبوو، هەر ئەوبــوو متمانەی لە دڵــی ئێمە چاند كە ئەو كاتــەی كە ئەنجامەمان لەپاڵاوتن باش نەبــوو بە بەردەوامی هانــی ئێمەی دەدا، ئێمە ئــەو كاتەی ئاســتمان خراپ دەبوو هەموومان یەكمان دەگرت وەكو كۆمەڵێك، ئێمە روحێكی باشمان هەبوو ئەویش روحی سەركەوت بوو.

***وای بــۆ دەچیێ كــە فرانــك رێكارد راهێنەرێكــی هێمن و ژیرە بەڵام بۆ یانەی بەرشلۆنە گونجاو نییە؟**

- فرانــك رێكارد راهێنەرێكــی مەزنە و توانی بەرشــلۆنە بباتە لوتكەی ئاســتی تۆپی پێی ئەوروپا و كەسایەتییەكی باشی هەیە و حەزیــش دەكات بە بەردەوامی لە یاریكــەران نزیك بێتــەوە و ئەمەش بووە هۆكارێكی ســەرەكی كە لــە دوو وەرزی رابردو نازناوەكانمان لە دەستدا.

*** چ جیاوازییــەك لــە نێــوان ریكارد و گواردیولا هەیە؟**

- ریكارد كەســێكی هێمنە و كارەكانی بە هێمنی ئەنجام دەدات و لای وایە كە(٩٠) دەقەكەشــی تەواودەبێ و دەڵێ هێشتاكات ماوە بۆ بەرامبەربــوون و وەیان بردنەوەش ، بەڵام گواردیــۆلا داوا لە یاریزان دەكات كە لە یاریگا نەوەستت تا كۆتایی فیكەی ناوبژیوان وەكو شۆفێرێك كە قاچی لەسەر بەنزین هەڵنەگرێ و حەزدەكات هەردەم خێرا بیت بۆیە لە زۆر یاری بە جیاوازی ســێ وەیان چوار گۆڵ یارییەكەمان دەربردەوە.

*** تۆ وەكو كوڕی ئەو یانەیە ناسراوی ؟**

ئایا هێمــای یانــە(Mes que un clup) لەسەر تۆ پەیڕەودەكرێ؟

- بەرشــلۆنە بۆمن ماڵــی دووەممە لەو یانەیە زۆر شــت لە تۆپــی پێی و ژیانی تایبەتی خۆم فێربــووم و دوا رۆژی خۆم لێ بەدی كرد وەكو یاریزانێكی تۆپی پێ كە ئێستا كارمە بۆ دڵێم هێمای ئەو یانەیە هەموو ژیانمە.

## گوڵان عەبدوڵڵا:

# کچانی وەرزشکار کێشەیان زۆرە

**گوڵان عەبدوڵڵا، یەکێکە لە کچە وەرزشوانەکانی دەڤەری بیتوێن و پشدەر و لە ساڵی ١٩٨٩ لە شاری ڕانیەی دەروازەی ڕاپەڕین لە دایکبووە ئەم بەهرەمەندە لە کاتی دەستپێکردنی وەرزشەوە زۆر دەستکەوتی باشی بەدەستهێناوە بۆیە بە باشمانزانی لە نزیکەوە ئەم دیمانەی لەگەڵ سازبکەین، گوڵان بکەین، میوانی گوڵان.**

**دیمانە: کارزان کانەبی**

*** ئاستی گۆڕەپان و مەیدان لە کوردستان چۆن دەبینیت ؟**

- لە چاو ساڵانی ڕابردوو زۆر باشتر و پێشکەوتووە و بە هیوای ئەوەم لەلایەن بەرپرسانی وەرزشی زیاتر گرنگی و بایەخی پێ بدرێ.

*** لە شاری ڕانیە تا چەند گرنگی بەو وەرزش دەدرێ؟**

- بێگومان وەرزشی لە شاری ڕانیە پێشڤەچوونێکی بەرچاوی بەخۆیەوە دیووە لە چاو شارەکانی دیکەی کوردستان.

*** کێشە و گرفتان وەکو کچە وەرزشکارێك؟**

- کێشەکانم گەڵێك زۆرە بۆ ئێمەی کچان گرنگتریان نەبوونی یاریگای تایبەت وەکو هۆڵێکی داخراو تابتوانین بەسەربەستی مەشقی ڕۆژانەمان ئەنجام بدەین و لە هەمان کاتیشدا نەبوونی مووچەیەکی شایستە بۆ وەرزشوانان کێشەیەکی دیکەیە.

*** کێ هاوکاری و پشتگیریت دەکات؟**

- بە پلە یەك ماڵەوەمان و دواتر پەیمانگەی وەرزشی ڕانیە و کاك موزەفەر لە مەکتەبی پەیوەندییەکانی لقی (١١)ی پارتی دیموکراتی کوردستان هاوکارییەکی تەواوم دەکەن و لە ڕێگەی ئێوەوە سوپاسیان دەکەم.

*** دەڵێن چەند یانەیەك داوایان لێکردووە کە یارییان بۆ بکەی، دەکرێ بزانین وەڵامت چییە؟**

- بەڵێ هەریەك لە یانەکانی پێشمەرگەی سلێمانی و سیروانی نوێ داوایان لێکردم یارییان بۆ بکەم بەڵام لەبەر خوێندن نەمتوانی بەشدارییان لەگەڵدا بکەم.



*** جگە لە گۆڕەپان و مەیدان چ یاری دیکە ئەنجام دەدەی؟**

- یارییەکانی تۆپی باڵە و باسکە و تۆپی پێ ئەنجام دەدەم.

*** ئایا خوێندن چ کێشەیەکت بۆ دروست ناکات؟**

- ڕاستە خوێندن کێشەم بۆ دروست دەکات بەڵام خۆم بەرنامەیەکی توکمەم داناوە و خوێندن و وەرزش کردن بەیەکەوە جوانن.

*** وەرزشکردنی کچان لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە ڕێگری هەیە؟**

- کێشەی کۆمەڵایەتی زۆرن کە دەبنە ڕێگر لەبەردەم کچانمان لەوانە تێنەگەیشتنی هەندێك لە کۆمەڵگاکەمان کە لە ڕووی وەرزشکردنەوە دەبنە ڕێگر ئەمەش هۆکاری سەرەکییە بۆ دواکەوتنی وەرزشی کچان هیوادارم کەس و کاریان نەبنە ڕێگر و هەوڵ بدەن کچانیان شان بە شانی کوڕان بەشداری بکەن.

*** ئەنجامە باشەکانی گوڵان چین؟**

- زۆرن بەڵام باشترین ئەنجام ریکۆردی تازە لە ڕاکردنی (١١٠) م، بەر بەست و هۆهەڵدانی یەك باز تۆماربکەم و لە یاری باڵەش لەگەڵ پەروەردەکانی هەرێم ئەنجامی باشم وەرگرتووە .

*** تا چەند ڕاگەیاندن گرنگی بە وەرزشی ڕانییە بە گشتی و کچان بەتایبەتی دەدەن؟**

- وەکو پێویست نییە بەڵام ئەمساڵ لە پارساڵ باشترە و هیوادارم هەوڵ بدەن زیاتر گرنگی پێ بدەن.

*** داواکاری و پێشنیارت چییە؟**

- هیوادارم بەرپرسان هاوکارییەکی تەواوی وەرزشی کچان بکەن و پێداویستیەکانیان بۆ دابین بکەن و مووچەیەکی باشیان بۆ دابین بکەن.

*** دوا پەیڤت؟**

- سوپاسی گۆڤاری گوڵان دەکەم کە بەبێ جیاوازی خزمەتی کارەکانی خۆیان لە شارەکانی کوردستان دەکەن و هیوای سەرکەوتنیشیان بۆ دەخوازم.

# خشتەی یارییەکانی جامی کیشوەرەکانی ٢٠٠٩ لە باشووری ئەفریقیا




**دوێنــــی یەکشـــەممە پاڵەوانیەتی جامی کیشوەرکان لە باشــووری ئەفریقیا دەستی پێکرد کە بە بەشداریکردنی هەشت هەڵبژاردە نوێنەرایەتی ٦ کیشوەر دەکەن و بەسەر دوو کۆمەڵە دابەشــکراون لە هەر کۆمەڵێك ٢ تیپ سەردەکەون بۆ چوار گۆشەی زێڕین، هەڵبــژاردە بەشــداربووەکانیش هەریەکە لە باشــووری ئەفریقیای میواندار و میســر نوێنەری کیشوەری ئەفریقیا و هەڵبژاردەی عێراق نوێنەری ئاســیا و ئیتاڵیا پاڵەوانی جیهــان و ئیســپانیا نوێنــەری ئەوروپا و بەرازیــل نوێنەری ئەمریکای باشــوور و ئەمریــکا نوێنەری ئەمریــکای باکوور و نیوزلەندە نوێنەری کیشــوەری ئوسترالیا، ئەمەی خوارەوەش خشــتە و کاتی گشــت یارییەکانە بە کاتی کوردستان.**

**ئا: ڕێبین ڕەمزی**

**کۆمەڵەی یەکەم :** باشووری ئەفریقیا – عێراق – ئیسپانیا – نیوزلەندە
**کۆمەڵەی دووەم:** بەرازیل – ئیتاڵیا – ئەمریکا – میسر

خشتەی یارییەکان

رۆژی دووشەممە (١٥-٦)

بەرازیل – میسر کاتژمێر (٥)ی ئیوارە

ئیتاڵیا – ئەمریکا کاتژمێر (٩,٣٠)ی ئێوارە

رۆژی سێشەممە (١٦-٦) پشووی هەڵبژاردەکانە

رۆژی چوارشەممە (١٧-٦)

ئیسپانیا – عێراق کاتژمێر (٥)ی ئیوارە

باشووری ئەفریقیا – نیوزلەندە کاتژمێر (٩,٣٠)ی ئێوارە

رۆژی پێنج شەممە (١٨-٦)

ئەمەریکا – بەرازیل کاتژمێر (٥)ی ئیوارە

ئیتاڵیا – میسر کاتژمێر (٩,٣٠)ی ئێوارە

**رۆژی هەینی (١٩-٦) پشووی هەڵبژاردەکانە**

رۆژی شەممە (٢٠-٦)

عێراق – نیوزلەندە کاتژمێر (٩,٣٠)ی ئێوارە

ئیسپانیا – باشووری ئەفریقیا کاتژمێر (٩,٣٠)ی ئێوارە

رۆژی یەك شەممە (٢١-٦)

ئیتاڵیا – بەرازیل کاتژمێر (٩,٣٠)ی ئێوارە

ئەمەریکا – میسر کاتژمێر (٩,٣٠)ی ئێوارە

رۆژی دووشەممە و سێشەممە پشووی هەڵبژاردەکانە

رۆژی چوارشەممە (٢٤-٦)

یەکەمی گرووپی یەکەم – دووەمی گرووپی دووەم کاتژمێر (٩,٣٠)ی ئێوارە

رۆژی پێنج شەممە (٢٥-٦)

یەکەمی گرووپی دووەم – دووەمی گرووپی یەکەم کاتژمێر (٩,٣٠)ی ئێوارە

رۆژی هەینی و شەممە پشووە

رۆژی یەك شەممە (٢٨-٦)

١- یاری پلەی سێیەم و چوارەم کاتژمێر (٤)ی ئێوارە

٢- یاری کۆتایی کاتژمێر (٩,٣٠)ی ئێوارە





هەواڵی ڕۆیشتنی ریکاردۆ کاکا لە یانەی ئەی سی میلانەوە بۆ ریال مەدرید بووە مانشێتی سەرەکی ڕۆژنامە وەرزشیەکان، چەندین یاریزان و کەسایەتی وەرزشی جیهانی ڕای خۆیان دەربڕی دەربارەی ئەو بۆندە کە نرخەکەی گەیشتە ٩٣ ملیۆن دۆلار. ئێمە لێرەدا لێدوانی هەندێکیان دەخەینە ڕوو.

ئامادەکردنی:هێمن قەسرەیی
hemntoni@yahoo.con

# به رۆیشتنی کاکا بۆ ریال مەدرید چ دەقەومێ؟!

پاولۆ ماڵدینی_ئەفسانەی میلان"رۆیشتنی کاکا گۆڕانکاریەکی ترسناك بوو، بیرکردنەوە لەبەدەستهێنانی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا بە بێ کاکا دەبێتە خەون بۆ یانەی میلان"

فلۆرنتینۆ پێرێز_سەرۆکی یانەی ڕیال مەدرید" پێویستە جەماوەری یانەی میلان ئارام بگرن لەبەر ئەوەی لەوەرزی داهاتوو دەبنە خاوەنی پێکهاتەیەکی بەهێز، جەماوەری میلان دەبێت ئەوە بزانن ئەوان هاندەری یانەیەکی گەورەن، میلان هەر بە گەورەیی دەمێنێتەوە بە رۆیشتنی کاکا، هیوادارم ساڵی داهاتوو ریال و میلان بگەنە یاری کۆتایی چامپیۆنس لیگ کە لە یاریگای ئێمە بەڕێوە دەچێت"

پاتۆ_هێرشبەری میلان"شکستێکی گەورەبوو بۆ میلان، بەڵام میلان یاریزانی تری هەیە کە دەتوانێت جێگای کاکا بگرێتەوە وەك ڕۆنالدینیۆ. هیوادارم کاکا لە یانە نوێیەکەی سەرکەوتوو بێت"

دی ئاسیس_برای رۆنالدینیۆ"رۆیشتنی کاکا و ئەنشیلۆتی سوودی هەیە بۆ رۆنالدینیۆ بۆ ئەوەی بگەرێتەوە ئاستی ڕاستەقینەی خۆی"

مایکۆن_یاریزانی ئینتەر میلان"کاکا لەیانەیەکی بەناوبانگ چووە یانەیەکی تری بەناوبانگ، پێم خۆشە منیش وەکو ئەو بم"

بیرلسکۆنی_سەرۆکی یانەی میلان"زۆر شتی گرنگم لەدەست دا بەهۆی فرۆشتنی کاکا"

مارچیلۆ لیپی_راهێنەری هەڵبژاردەی ئیتاڵیا"پێم خۆش بوو کاکا چووە ڕیال مەدرید لەبەرئەوەی بە رۆیشتنی یاریزانی بیانی خولی ئیتاڵی بەهێزتر دەبێت"

سیدۆرف_یاریزانی میلان"رۆیشتنی کاکا شکستێکی گەورەیە بۆ میلان، بەڵام میلان هەر بە گەورەیی دەمێنێتەوە،من پێشتر لە ریال مەدرید بووم ئەگەر کاکا هەر ئامۆژگاریەکی بوێت من ئامادەم"

پاولۆ رۆسی_ئەفسانەی پێشووی تۆپی پێی ئیتاڵیا"کاکا باشترین یاریزانی جیهانە، لەماوەی شەش ساڵی یاری کردنی بۆ میلان هەموو نازناوەکانی بەدەستهێنا. رۆیشتنی بۆ ڕیال مەدرید کاریگەری دەبێت لەسەر لاوازبوونی خولی ئیتاڵیا و یانەی میلان"

دیدا_گۆڵچی میلان"تەلەفۆنم بۆ کاکا کرد بۆئەوەی بزانم ئێستا هەستی چۆنە، گوتی زۆرباشم"

لویس فابیانۆ_یاریزانی ئیشبیلیە"زۆر پێم خۆش بوو کاکا هاتە ڕیال مەدرید، بەهاتنی کاکا خولی ئیسپانیا بەهێزتر دەبێت"

لۆرنزیتی_راوێژکاری بازرگانی یانەی میلان"سەرەتا دڵنیا بووم لەمانەوەی کاکا بەڵام بارودۆخی دارایی وای کرد بیفرۆشین بۆ بنیاتنانی تیپێکی نوێ، لەکاتی مۆرکردنی بۆندەکە فرمێسکم بینی لەچاوی گالیانی"

خوان لاپۆرتا_سەرۆکی یانەی بەرشەلۆنە" پارەیەکی زۆریان بەخشیە میلان بۆ کڕینی کاکا ئەوەش کاریگەری دەبێت لەسەر گرانتر بوونی نرخی یاریزانان"

پیرلۆ_یاریزانی میلان"دڵگران بووین بە رۆیشتنی کاکا، یاریزانێکی زۆر باش بوو، ماوەیەکی زۆری دەوێ تاکو یاریزانێکی وەك کاکا لە میلان سەرهەڵبداتەوە"

کارلۆنیستی_بێژەری وەرزشی و هاندەری میلان"گۆرانکاریەکی گەورەیە لەمێژووی میلان و بیرلسکۆنیدا، بیرلسکۆنی تا ئێستا سەرکەوتوو بوو لەسەرۆکایەتی کردنی میلان بەڵام بۆ پارە کاکای فرۆشت دواتر دەردەکەوێت ئایا فرۆشتنی کاکا شکستە یان لەبەرژەوەندی میلاندایە"

لیۆناردۆ_راهێنەری میلان"یاریزانێکی زۆر لێهاتوومان لەدەست دا، بەڵام دەبێت بەشێوەیەکی تر سەیری بۆندەکە بکەین، دەبێت ئەوە بزانین ژیان ناوەستێت بە رۆیشتنی یاریزانێك"

مۆراتی_سەرۆکی یانەی ئینتەر"لەڕووی ئابووریەوە بۆ میلان باشە، لەمانگی یەکەوە دەمزانی کاکا دەڕوات"

گاتۆسۆ"رۆیشتنی کاکا بەدەست خۆی نەبوو، ئەو دەی ویست بمێنێتەوە بەڵام بۆ پارە فرۆشتیان"

بوفۆن_گۆڵچی یۆڤانتس"رۆیشتنی کاکا لەقازانجی ئێمەدابوو(بەپێکەنینەوە)"

تیوکولی_ئەکتەر و گۆرانیبێژ" بەهۆی رۆیشتنی کاکا لەوانەیە لەمەودوا نەچمە یاریگا بۆ بینینی یاریەکانی میلان"

کاکا"هیوادارم میلان سەرجەم نازناوەکان بباتەوە، پاتۆ باشتریم یاریزانە کە دەتوانێت جێگای من بگرێتەوە، لەمیلان بە جیهان ناسرام و بووە هۆی ئەوەی ببم بە باشترین یاریزانی جیهان و تۆپی زێرم بردەوە، هیچ کاتێك بیرم لەوە نەدەکردەوە کە رۆژێك دێت لەیانەی میلان برۆم، حەزم دەکرد هەر لەمیلان بمێنمەوە، گریام کاتێك زانیم دەبێت لە میلان برۆم، ئێستاش دڵم لای هاندەرانی میلانە "

